# نۆستالژیا لە شیعرەکانی فەرەیدون بەرزنجیدا

**ساکار اکرم حمەسالح [١]، رزگار عمر فتاح [٢]**
١،٢ بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی( نۆستالژیا لە شیعرەکانی فەرەیدون بەرزنجی )دایە. هەوڵێکە بۆ زیاتر ئاشنا بون بە ئەزمونی شیعری شاعیر لەلایەك و ڕەنگدانەوەی نوستالژیا وەك بابەتێکی سایکۆلۆژی لە شیعرەکانی شاعیردا لەلایەکی دیکەوە. جگە لەمەش پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بتوانین توانا و لێهاتویی و زەوق و سەلیقە و کاریگەری و ڕەهەندەکانی نۆستالژیای شاعیر لەم سیاقەدا بدۆزینەوە. نۆستالژیا لە شیعرەکانی فەرەیدون بەرزنجیدا ئاخ و حەسرەتێکی قوڵە بۆ سەردەم و بارودۆخێکی ڕابردوی تێپەڕیوی گۆڕاو کە زیاتر لەسەر بنەمای خەمۆکی بەهۆی دورکەوتنەوە لە خۆشەویستەکەیەوە هاتۆتەکایەوە. شاعیر لەبەر زۆر هۆکار پەنای بۆ ڕابردوی پڕ لە خۆشی و خەم و یادەوەرییەکانی خۆی بردوە، وەک دڵنەواییەک بۆ ئەو نیگەرانییانەی کە لە هەمو لایەکەوە دەوریان گرتوە. یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش حەز و خولیاکانی بو بۆ ئەو ڕۆژە جوان و خۆش و ئارامانەی دوبارە بونەوەیان ئەستەمە. لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەپێی پێویستی لایەنە زانستی و هونەرییەکانی و ڕەچاوکردنی شێوازی ئەنجامدانی توێژینەوەکە، ڕێبازەکانی وەسفی پەیڕەو کراوە. . ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەکە بۆ ناساندنی چەمك و پێناسە و مێژو و جۆرەکانی نۆستالژیا لەلایەك و تیشك خستنەسەر ڕەنگدانەوەی نۆستالژیا لە شیعرەکانی فەرەیدون بەرزنجیدا لە سیاقی نۆستالژیای کات و شوێن و ڕابردودا لە لایەکی دیکەوە. بەمەبەستی خستنەڕوی ئاست و پایەکانی جیهانبینی و ئەزمون و توانا و لێهاتویی شاعیر لەم بوارەدا.

**وشە سەرەکییەکان:** نۆستالژیا، کات، شوێن، ڕابردو، فەرەیدون بەرزنجی.

## پێشەکی

نۆستالژیا جگە لەوەی ڕەنگدانەوەیەکی بەرز و بەهێزی لە ژیانی مرۆڤدا بەگشتی و لەسەر لایەنی سایکۆلۆژیەتی شاعیران و نوسەراندا بەتایبەتی هەیە، پانتاییەکی گەورەشی لەبواری شیعر و ئەدەبیاتدا داگیر کردوە، هەر ئەمەش وای کردوە ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی لە هزر و بیرکردنەوەی شاعیران و بەرهەمەکانیاندا بێنێتەکایەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە ڕەنگدانەوەی نۆستالژیا لە سنوری دەقە شیعرەکانی(فەرەیدون بەرزنجی)دا چڕ بکەینەوە و نمونەی شیعرەکانی بخەینەڕو، چونکە تا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی لێی نەکۆڵراوەتەوە و لەمبارەیەوە هەست بەهەبونی بۆشاییەکی گەورە دەکرێت. لەهەمان کاتدا بەپێی بۆچونی ئێمە نوستالژیا هەم وەك بابەت و هەم وەك سیمایەکی دیاریش گرنگییەکی زۆر و ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی لە شیعرەکانی شاعیردا هەیە. ئامانج لەم توێژینەوەیەش دەستنیشانکردن و خستنەڕوی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نۆستالژیایە لەلای ئەم شاعیرە، کە لەم پرسیارانەی خوارەوەدا کورتکراوەتەوە:

أ- ئایا ڕەنگدانەوەو چەندییەتی و چۆنییەتی نۆستالژیا لە لای ئەم شاعیرە لە چ ئاستێك دایە؟ ئایا ئاستی ئیستاتیکی چۆنە و بە چ شێوازێك خراوەتەڕو؟

ب- ئایا ئەزمون و توانا و لێهاتویی شاعیر لە گوزارشتکردنی چەشنەکانی نۆستالژیا چەندە و چۆنە؟ لە هەریەکە لە گوزارشتکردنی جۆرەکانی نوستالژیا دا تا چ ڕادەیەك توانیویەتی داهێنان بکات و سود و چێژ و ئیستاتیکییەت بە بەرهەمەکانی ببەخشێت؟

سەبارەت بە پێشینە و گریمانەی ئەم توێژینەوەیە، ئەگەرچی چەندەها توێژینەوە و کاری ئەدەبی دەربارەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە ئەنجامدراون، بەڵام تا ئێستا هیچ توێژینەوە و گریمانەیەك لەمبارەیەوە لەلای ئەم شاعیرە نەخراوەتەڕو، بۆیە لەم توێژینەوەدا گریمانەی ئەوە دەکەین و دەقە شیعرییەکانی شاعیر وا لێکدەدەینەوە کە بەتەواوەتی کەوتۆتە ژێر لێکەوتەکانی کات و شوێن و سەردەمی ڕابردو و لاوییەتییەوە. ئەم توێژینەوەیە لە دوبەشی سەرەکی پێکهاتوە، بەشی یەکەم تیۆرییە زیاتر جەخت دەکەینە سەر چەمك و پێناسە و مێژو و جۆرەکانی نۆستالژیا، کە لە سێ تەوەر پێکهاتوە: لە تەوەرەی یەکەمدا تیشك دەخەینە سەر چەمك و پێناسەی نۆستالژیا، تەوەرەی دوەمیش زیاتر دەربارەی مێژوی نۆستالژیایە. لە تەوەرەی سێیەمیشدا، جۆرەکانی نۆستالژیا و ڕەنگدانەوەکانی دەخەینەڕو. بەڵام بەشی دوەم، پراکتیکییە و تایبەتە بە ڕەنگدانەوەی نۆستالژیا لە دەقە شیعریەکانی شاعیردا. کە لە سێ تەوەر پێکهاتوە: تەوەرەی یەکەم: سەبارەت بە ڕەنگدانەوی نۆستالژیای کاتە لەلای فەرەیدون بەرزنجی شاعیردا، تەوەرەی دوەم، لە سیاقی نۆستالژیای شوێن لە یادەوەرییەکانی شاعیردا دەخولێتەوە.. هەرچی تەوەرەی سێیەمیشە بۆ ڕەنگدانەوەی نۆستالژیای ڕابردو وەك سەرچاوەی ئارامبەخشی و گەشبینی و ڕەشبینی تەرخان کراوە. بۆ ئەو مەبەستەش

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٧ حوزەیران ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٤ ئاب ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: rzgar.umer@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ ساکار اکرم حمەسالح، رزگار عمر فتاح، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp246-252

بە پێی پێویستی کارەکە پشتمان بە میتۆدەکانی (وەسفی،شیکاری)بەستوە. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕو.

## 1. چەمك و پێناسەی نۆستالژیا:

ڕەنگدانەوەی نۆستالژیا لەسەر هزر و دیدگا و سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ وایکردوە ڕەنگدانەوەیەکی فراوان و بە هێزی لە بواری ئە دەبیدا هەبێت . بە تایبەتیش لەبواری شیعریدا. هە ر بۆیە لە مێژویەکی زۆرر کۆنەوە جێگای بایەخی شاعیران و نوسەران و ڕەخنەگران بوە، لەمبارەیەوە تێڕوانینی جیاوازی لە خۆ گرتوە.
لە ڕوی زاراوەوە ''ئەم وشەیە لە زاراوەی نۆستالژیایی فەرنسییەوە هاتوە،بەڵام لە ڕوی زمانییەوە ڕەگ و ڕیشەی نۆستالژیا بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە کە لە دو وشەی (Nostos) کە بەواتای گەڕانەوە، (Algos) بەواتای ژان و ڕەنج و حەسرەت دێت''(عەبدولا،2016: 15). هەروەها ''لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا نۆستالژیا بەواتای ڕابردو یان ئازار دێت، نۆستالژیا لە زماندا واتا هەستکردن بە ئازار و پەشیمانبونەوە لەوەی کە تێپەڕیوە، کە ئەمەش هاوتای نۆستالژیایە. ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگەکاندا بەم شێوانەیە: نۆستالژیا و حەسرەتی زیادەڕۆیی و گەڕانەوە بۆ ڕابردو، و حەسرەتی دورکەوتنەوە، وە پەشیمان بونەوە بۆ ڕابردو و نۆستالژیا بۆ خێزان و نیشتمان و ڕۆژانی منداڵی و گەنجی. هەروەها لە سادەترین پێناسەیدا ئاماژەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردو و خۆشەویستییەکی چڕ بۆی ، وەبیرهێنانەوەی کارەکتەر و ڕوداو و شوێنەکانی، لە هەمان کاتدا وردکردنەوە و وردەکارییەکانی ئەو یادەوەریانەی کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە'' (میر ئەحمەدی, 2012: 20).
دیارە وەك ئاشکرایە هەر لە کۆنەوە تێڕوانین و بیرو بۆچونی جیاواز سەبارەت بە چەمك و پێناسەی نۆستالژیا هەبوە، تەنانەت بەشێك لە بیرمەندان و ئەدەب دۆستان لە سیاقی بواری ئەدەبیدا چریان کردۆتەوە. زیاتر بە بواری ئەدبییان بەستۆتەوە. لەبەر ئەوە ئەگەرچی '' نوستالژیا زاراوەیەکی دەرونزانییە، بەڵام هەر زو سەرنجی فەیلەسوفانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو وای لێکردن دید و بۆچونی خۆیان لەمبارەیەوە بخەنەڕو . (هالر) وتارێکی دەربارەی ئەم چەمکە لە گۆڤاری زانستی (Diberot ) دا بڵاوکردەوە، (ڕۆسۆ) باسی ئەوەی کرد کە چۆن میلۆدییەك بەشێوەیەکی سەیر مەیلی نۆستالژیا بزوێنیت و ببێتە هۆکارێك بۆ دروست بونی حەزو ئارەزوی گەڕانەوە بۆ ڕابردو. جگە لەمانە باشتربونی بارودۆخی دارایی و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی دەتوانیت کۆتایی بەم نەخۆشییە بهێنێت، بۆیە(کانت) زیاتر نۆستالژیای بە خراپی بارودۆخی ئابوری تاك بەستەوە. نەك بە دوری لە نیشتمان و زێدی لەدایك بون (محەمەد، ـــ2021: 412). کەواتە دەتوانین بڵێین بارودۆخی تایبەتی تاك بە هۆکاری سەرەکی هاتنەکایەوەی نۆستالژیا دادەنرێت.
هەرچەندە وشەی'' نۆستالژیا بە ڕەچەڵەک یۆنانییە و هەڵگری مانای گەڕانەوەیە بۆ: (ماڵ، نیشتمان، وڵات) دوای نەبونی درێژخایەن و ئەو ئازارەی کە ئەم نەبونییە بۆ هاتنەکایەوەی هۆکار بوە. هەروەها نۆستالژیا لە ماوەی چەندین سەدەدا بە حاڵەتێکی پزیشکی دادەنرا، کە هەندێک جار دەتوانێت ببێتە هۆی مردن و دەرئەنجامی نۆستالژیایەکی چڕ بۆ ڕابردو، سیگمۆند فرۆید لە لێکۆڵینەوەکەیدا (The Uncanny) بینی کە نزیکترین وشەی ئەڵمانی لە نۆستالژیا بریتییە لە (Heimweh) کە هەڵگری دو مانایە: ماڵەوە و دایک لە لایەک و دۆخی سکچون لە ئەنجامی نەبونی لە ماڵەوە و حەسرەت بۆی لە هەمان کاتدا لە لایەکی ترەوە. هەروەها ئەم زاراوەیە پەیوەندی بە وشەی''Heimlich ''هوە هەیە، بە واتای نهێنی و سەیر دێت ، کە فرۆید لە ئاماژەکردن بە میکانیزمە دەرونییەکانی سەرکوتکردندا بەکاریدەهێنێت، جگە لەمەش ئەم میکانیزمانە بەهۆی نۆستالژیا بۆ ڕابردووەوە دەجوڵێن؛ بەم شێوەیە دەتوانرێت نۆستالژیا بە پاڵنەرێکی دەرونی هەژمار بکرێت بۆ قەرەبوکردنەوەی شتە ونبوەکان، دوای ئەوەی ڕوبەڕوی ئەو ڕاستییە دەبێتەوە کە ونبوەکان ناتوانرێت وەربگیرێنەوە '' (الصعیدی،2022: 4). لە هەمان کاتدا نۆستالژیا بۆتە بەشێکیش لە بەرهەم و ژیننامەی شاعیراندا، بۆیە زۆر جار شاعیر لە حەسرەتێکی سەرسەختدا کە هیچ سنورێکی نییە، هەوڵدەدات بوەستێت و یادی ساتەکانی ئارامی و دڵنیایی بکاتەوە، ڕەنگە بگاتە گەڕانەوەی سەردەمی منداڵی و بێتاوانی، یان سەردەمی ژیانی ئاسودەیی دور لە خەم و خەفەت و تراژیدیا، یان بگاتە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو ڕۆحی، هەر ئەمەشە وا دەکات نۆستالژیا بکاتە جۆرێک لە وازهێنان لە ئێستا و گەڕانەوە بۆ ڕابردو و منداڵی، جونکە سەردەمی منداڵی دورە لە بەرپرسیارێتی و ترس و ئەو ڕۆژە گەرمانە، کە هەمو شتێک جوان و باش بو و هەموان دڵخۆش بون! بۆیە شاعیر هەمیشە خۆزگەی ئەمە دەخوازێ ئەگەر بۆساتێکیش بێت ئەم ژیانە بەدەست بێنێتەوە, کە لەسیاقی نۆستالژیا خۆی دەدۆزێتەوە . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ''نوسەر ڕۆڵەی ژینگەکەی خۆیەتی و بە توندی پێوەی وابەستەیە،چونکە شوێن کەسێتی نوسەر تەواو دەکات .هەر لە دەرکەوتنییەوە تاکو بەگەشەکردنییدا ڕادەگات،هەربۆیە ئەو ژینگەیەی نوسەر تییدا ژیاوە کاریگەرییەکی توندی لەسەر ڕەهەندی ئاکاری و ئامادەگیی هزری و ئەفراندن و پێکهاتەی دەرونی و سۆزداریی نوسەردا هەیە''(ساڵح,2023, 18).
جگە لەمەش '''نۆستالژیا سۆزێکی ڕاستگۆیانەیە دەربارەی ئەوشتانەی کە مرۆڤ لە دەستی داون، کە خۆی لە شوێن و کەسوکار و کات و هەڵوێستەکاندا دەبینێتەوە، بێگومان گوزارشت لەم سۆزە بەشێوە و ڕێگەی جیاواز دەبێت، بەڵام لە جیهانی نوسەراندا ڕونتر و کاریگەرتر بەرجەستە دەبێت''(الزین, 2010: 15). کەواتە دەتوانین بڵێین نۆستالژیا گەڕانەوەیە بۆ ڕابردو و منداڵی بۆ ئەو ساتانەی هەمو شتێك جوان و باش و ئارام بو، بە پێچەوانەی ئەم ژیانەی ئێستا، کە لە تێڕوانینی زۆرێك لە شاعیراندا کە جگە لە خەم و ناخۆشی و بێ ئومێدی هیچی دیکەی تێدا بەدی ناکرێت.

## 2. مێژوی سەرهەڵدانی نۆستالژیا:

وەك ئاشکرایە نۆستالژیا مێژویەکی دورو درێژ و ڕەگ و ڕیشەکی فراوانی هەیە، لەماوەی چەند سەدەی ڕابردودا نۆستالژیا وەك چەمکێکی زانستی بەکارهاتوە، بەشێوەیەك ئەم چەمکە لە کەمترین تا بەرزترین ئاستیدا وەك چەمك و چارەسەری ڕەشبینی و هەڵچونە دەرونییەکان ئاماژەی پێدراوە.
لە ڕاستیدا ''نۆستالژیا بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا دەرکەوت، بە تایبەتی لە ساڵی ١٦٨٨، بە واتای بیرکردنی ماڵەوە و زێدی باوك و باپیران ، یان گەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ نیشتمان، سەرەتا (نۆستالژیا) وەک نەخۆشییەکی پزیشکی یان دەمار پۆلێن کرا، توێژەری سویسری یۆهانس هۆفەر (١٦٨٨-١٩٣٤ ز) لێکۆڵینەوەی لە نیشانەکانی ڕەفتاری بەکرێگیراوانی سویسری و بونی ئەوان لە دوری وڵاتەکەیان کردوە. نیشانەکانی لە نائومێدیەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە گریان و لەدەستدانی هۆش و خۆکوشتن و لە هەندێک کاتدا وەک نەخۆشی وەسف کراوە(F, Pourjafari 2014:9 ) . جگە لەمەش ئەم چەمکە لە مێژوی سەرهەڵدانیدا لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە لایەن نوسەران و بیرمەندانی ئەم بوارەوە چەندەها لێکدانەوەو

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp246-252

شیکردنەوەی هەمەچەشنی بۆ کراوە، تەنانەت هەندێك لەمانە وابەستەی دەکەن بەبواری نەخۆشی و سەربازییەوە، چونکە ''پزیشکە سەربازییەکان هۆکاری توشبون بەو نەخۆشییەیان ڕونکردەوە و دەڵێن ئەوە لێدانی بەردەوامی زەنگی ئاژەڵ بوە لە بەرزاییەکانی ئەلب. کە بوە هۆی زیانگەیاندن بە خانەکانی تەپڵی گوێ و خانەکانی مێشک. بۆیە زاراوەی نۆستالژیا بەردەوام بو لە سەیرکردنی وەک نەخۆشییەکی پزیشکی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا(Marco Cavallaro, 2013, 4) . هەرچۆنێك بێت نوستالژیا لە ڕوی مێژوییەوە چەندەها قۆناغی بڕیوە تا بەو ئاستە گەیشتوە و لە بواری ئەدەبدا جێگای خۆی بکاتەوە و زیاتر لە ڕەهەند و واتایەك بەدەستەوە بدات. هەر وەك سیمایەکی زەقیش لە شیعری شاعیرانی کۆن و نوێ و هاوچەرخیشدا خۆی بنوێنێت و ڕەنگ بداتەوە.

## 3. جۆرەکانی نۆستالژیا و پەیوەندی بە شیعر و ئەدەبیاتەوە:

نۆستالژیا پەیوەندیەکی توندو تۆڵ و بەهێزی بە بابەتەکانی شیعر و ئەدەبیاتەوە هەیە و کەم تا زۆر لەم بوارانەدا ڕەنگیداوەتەوە، کە ئەمەش بۆ گرنگی ئاست و پایەکانی بەهای نوستالژیا لە بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای شیعری دەگەڕێتەوە، بەهەمو جۆرەکانییەوە، کە زیاتر لە نۆستالژیای کات و شوین و گەڕانەوە بۆ ڕابردو و منداڵیدا چڕدەبێتەوەکە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

### أ-نوستالژیای کات:

ئەم چەشنە لە نۆستا لژیا لە چوارچێوەی کاتدا دەخولێتەوە، یادکردنەوە و گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساتە جوان و خۆش و ئارامانەی کە شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان بەهۆی تێکچون و شلەژان و هەڵچونی سایکۆلۆژی و خراپی خودەوە پەنای بۆ دەبەن بەمەبەستی هێور بونەوە و پاك بونەوەی دەرونی و چێژ و خۆشی وەرگرتن لە ڕابردو. لە هەمان کاتدا هۆکارێکی گرنگیشە بۆ فۆرمات بونەوەی مێشك و چالاکبونەوەی هزر و ئاوەزی مرۆڤ.وێڕای ئەمانەش "نۆستالژیا بریتییە لە حەسرەت و تامەزرۆیی بۆ هەمو کەسێکی ئازیز، کەخۆی لێی دور بوە. بەمجۆرە ئەمە هەستێکی ناوەکییە کە لە ئەنجامی ئەو ئازارەی مرۆڤ توشی دەبێت بەهۆی لەدەستدانی ئەو شتانەی کە لای خۆی ئازیزن. بۆیە هەستکردن بە لەدەستدان و نامۆبون لەو هەستانەن کە هاوڕێی حەسرەت و نۆستالژیایە بۆ ڕابردو(الخلیلي، 2007: 15). سەرەڕای هەبونی لایەنی ئەرێنی لە نوستالژیادا. بەڵام مانەوەی زۆر لە کاتەکانی ڕا بردودا و خۆ بەستنەوە بە ساتەکانی ڕۆژ و مانگ و وەرز و ساڵ و سەردەم و ڕۆژگاری ڕابردو لە پێویست زیاتر لەوانەیە سەر بکێشێت بۆ نەخۆشی دەرونی و ڕەشبینی و گۆشەگیری، دواتریش لەوانەیە کەم تا زۆر ڕەنگدانەوە لە بوارەکانی شیعر و ئەدەب و هونەردا بەرەگەزە جیاوازییەکانییەوە دروست بکات.

هەرچۆنێك بێت،''نۆستالژیا بۆ ڕابردو و وردەکارییەکانی شتێکی جوانە و ئاسودەیی و بەختەوەریمان پێدەبەخشیت، بەڵام مەترسییەکەی لە ئالودەبون بە بیرهێنانەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردودایە. وە زیادەڕەوی لە مانەوە بۆ ڕابردو پشتبەستنی لە ڕادەبەدەر بە ڕابردو بۆ نەهێشتنی فشار و ئازاری دەروی و گەڕان بەدوای دڵخۆشیدا لە زەمەنی بەسەرچودا ڕێگری لە گەشەکردنمان دەکات، بۆیە کشانەوە لە ئێستا و گەڕانەوە بۆ دواوە دەبێتە بەربەست بۆ هەنگاونان بەرەوپێشەوە'' (کەریم،2021: 142). ئەمەش ئەوەدەگەیەنیت کە نۆستالژیا بە هەردو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی لە سیاقی کاتەکانی مرۆڤدا هەیە، کە بونەتە سەرچاوە و ئیلهامی دەیان بەرهەمی شیعری و ئەدەبی جوان و مەزن. دەقە شیعرییەکانی فەرەیدون بەرزنجیش نمونەیەکی زیندون لەمبارەیەوە.

### ب- نوستالژیای شوێن:

شوێن پێگەیەکی گرنك و کاریگەری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، هەر بۆیە پەیوەندی مرۆڤ بەگشتی و شاعیران بەتایبەتی بە شوێنەوە پەیوەندییەکی بەهێز و مێژوییە و ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە، دیارە ئاستی ئەم کاریگەرییەش بەپێی شوێنەکەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش وابەستەیە بە ئاستی تێگەیشتن و جیهانبینی و ڕادەی خۆشەویستی و پەیوەست بونی شاعیر بە شوێنەکەوە، کەواتە ڕۆڵ و ئەرکی شوێن لە هێنانە کایەوەی نۆستالژیای شوێندا پانتاییەکی بەرینی هەیە . ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەیەکی فرە ڕەهەند و فرە بابەتی لە بوارەکانی شیعر و ئەدەبیاتدا هەبێت. بەتایبەتی هەستی نۆستالژیای شوێن لە لای ئەو شاعیرانە بەرزترە کە ڕایەڵەکانی هەست و سۆز و خۆشەویستییان بەو شوێنەوە گرێدراوە زۆرترە. ئەمەش پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ هێنانەکایەوەی ئیستاتیکای وەسفی شوێن، ڕاکێشان و بزواندنی هەستی خوێنەر بۆ ئەم شوێنە. بۆیە نۆستالژیای شوێن وابەستەیە بە شوێن و ماڵ و زید و نیشتمانەوە و لەم خولگەیەدا دەسوڕێتەوە و کارێگەرییەکی بەهێز و پانتاییەکی بەرینیشی لە بواری شیعری و ئەدەبیدا داگیرکردوە.

وەك ئاشکرایە''نوستالژیای شوێن و دوری لەزێد و نیشتمان و چەمکی بیری ماڵەوە وەک بێدەسەڵاتی یان تێکچونێک دەبینێت کە بەهۆی دابڕانی چاوەڕوانکراو یان ڕاستەقینە لە ماڵ و ژینگەی ژیانەوە دروست دەبێت، ئەوان دەزانن کە هەستێکی ئاڵۆزی مەعریفی و پاڵنەرە، کە ئاماژەیە بۆ دڵتەنگی ئارەزوی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و ئەو هەستی بێدەسەڵاتییەی کە بەهۆی بیرکردنەوە لە ماڵەوە دروست دەبێت. بیری شوێن و ماڵ و زێد ئەو کاردانەوانە لەخۆ دەگرێت کە جیابونەوەی ئازیزان و شوێنە ئاشناکان دەگرێتەوە ، بەڵام ئەوەی ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە سەرهەڵدانی بیری ماڵەوە لە مرۆڤدا جیابونەوە لە ژینگەی ماڵەوەیە یان نیشتمانە'' (حسینی، 1393: 163 ). هەربۆیە نۆستالژیای شوێن یان ئاخ و حەسرەتی گەڕانەوە بۆ ماڵ و زێد و نیشتمان لەو دیاردانەیە کە پێگەیەکی گەورە و فراوانی لەبەرهەمی شیعری شاعیراندا هەیەو بۆتە جێگای بایەخی شاعیران و ئەدیبان و ڕەخنەگران لەمبارەیەوە.

### ج-نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ ڕابردو و منداڵی:

نۆستالژیا ئاوڕدانەوە و هەستێکی ئاڵۆزە بە ئاراستەی ڕابردو، گەڕانەوە و یادکردنەوەی ڕۆژانی ڕابردو و منداڵی یە. بە شێوەیەك بۆن و دەنگ و ڕەنگی پێشو یان یادەورییەکانی جاران و هەستی تەنیایی، هەر هەمویان ڕەنگە نۆستالژیایان لێبکەوێتەوە، کاتێک مرۆڤ هەست بە نۆستالژیای ڕابردو دەکات، ڕوداوەکانی ژیانی ڕابردوی بیری دێتەوە، وێنەکانی جارانی دێتەوە پێش چاو و بە هێمنی و بێدەنگی لەسەریان دەوەستیت، ئەمەش وادەکات ببێتە یادەوەری و ئەزمونێکی کاریگەر لەسەر ئاستی کەسی یان سۆزداری. زۆرجار مرۆڤ بە تێڕوانینێکی پەمەیەوە ئاوڕێک لە یادەوەرییەکان دەداتەوە، ئاخ و حەسرەت بۆ ئەو کات و سەردەمانە هەڵدەکێشێت کە لە نزیك خۆشەویستان و ئازیزانی بو. تەنانەت ئارەزوی گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژگار و سەردەمانەی پێشو دەکات، لە ئەنجامدا ئەگەری زۆرە مرۆڤ هەست بە هەڵچونێکی بەهێزی ئەندێشە و سۆزداریەکی زۆر بکات، لە پاڵ هەستکردن بە دۆڕاندن و لە دەستداندا.

نوسەری بەناوبانگ" (ئەدیسۆن ویسلی لۆنگمان )لە فە رهە نگی(Longman ) بە م شێوەیە پێناسە ی نۆستالۆژیا دە کا ت و دەڵێ : هەستکردن و حە زی حە سرە تی ڕابردو، ڕابردوێك تێکە ڵ بە خۆشی و ناخۆشی بە بیر هێنانەوەی وە ك لە دە ستچوێك، کە کەسی نۆستالۆژی خە م و حە سرە تی پێدەخوات، چونکە خۆی لە رابردوودا یادەوەریەکی خۆشی هەبوە ، بە ڵام ئێستا کە بیری دێتەوە خەم دایدە گرێت" ( Addison: 1998, 928). بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زۆرێك لە مرۆڤەکان یادەوەرییەکانی ڕابردو بە خۆشی و ناخۆشییەکانیشیەوە بە دەرمانی ئێش و ئازارەکانی خۆی دەزانێت. بۆیە زۆر جار لەکاتی دڵتەنگی و تەنیایی و دڵە ڕاوکێدا پەنای بۆ دەبات و بەئومێدەوە بەدیار یادگارییەکانییەوە دەوستێت و هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشێت و فرمێسکی تامەزرۆیی بۆ دەڕێژێت.

هەروەها "بەشێکی زۆر لە شاعیران بەهۆی ئەم جۆرە نۆستالژیاوە چەند لایەنێکی دیاریکراوی ژیانی خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا ئاماژە پێداوە، کەهەندێك جار ئەمە لە ناو ژانرە ئەدەبییەکاندا هەست بە ئامادەبوونی کارەکتەری نوسەر دەکرێت، کە ئەمەش دەچێتە خانەی ئۆتۆبایۆگرافی، لوتکەی نۆستالژیا گەڕانەوەیە بۆساتی منداڵی، یادکردنەوەی ئەو ساتانەیە، کەتاك خاوەنی دنیایەك خەونی ڕازاوە و جوان بووە، گوزەرکردن بوناو کوچەو کۆڵانەکانی منداڵیدا، گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی جوانی و بەرائەت، کەواتە تەمەنی منداڵی ئەو تەمەنەیە کەزۆرترین یادەوەری خۆشی تێدایە و زۆرترین هەستی نۆستالژیان بۆی هەیە"(حاجی ،2008: 20). هەر ئەمەش وایکردوە شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان هەمیشە لە خولیا و خەیاڵی ڕابردودا بژین و دیمەن و ڕوداوەکانی ڕابردو لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگبداتەوە.

## 4. سود و زیانەکانی نۆستالژیا:

### 4. 1 یلایەنە بەسودەکانی نۆستالژیا:

أ- نۆستالژیا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ بەرەنگاربونەوەی تەنیایی و بێزاری و دڵەڕاوکێ. واش لە خەڵک دەکات زیاتر خۆی لە گەڵ نامۆیدا بگونجێنێ .

ب-هاوسەرەکان کاتێك یادەوەری ڕابردو دەکەنەوە و نۆستالژیایان بۆ ئەو کاتە جوانانە هەیە، زیاتر نزیک دەبنەوە لە یەکتر و دڵخۆشتر دەردەکەون.بۆیە خەڵک نۆستالژیا بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی خۆیان گەرم بکەنەوە لە ڕۆژە ساردەکان یان لە ژورە ساردەکاندا.

ت_هەرچەندە نۆستالژیا لایەنێکی خراپی هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا خەمێکی شیرینە،چونکە ژیان واتادارتر و مردن ئاسایی تر دەکات.

ج- نۆستالژیا یارمەتیمان دەدات بۆ ماوەیەک چێژ لە ڕابردو وەربگرین، ئەگەرچی ئەمەش خەون و خەیاڵێکی تاڵە چونکە دەزانین ئەو کاتانە هەرگیز ناگەڕێنەوە.

د- نۆستالژیا سودی دەرونی هەیە، بۆیە خەڵک هەستێکی باشتری سەربەخۆی لە لا بەرجەستە دەبێت,کاتێک لەسەر مێژوی خۆیان دەژین، بەردەوامبونی زیاتر لە ڕابردودا بۆ ئێستای خۆیاندا دەگوازنەوە، ژیانیان بە ماناداترتر وەسف دەکەن و زۆرجار ئاماژە بە ئاستێکی بەرزتری ڕێزگرتن لە خۆیان و هەستێکی خۆشتر دەکەن. .

هەرچەندە لەوانەیە نۆستالژیا بۆ هەمووان سودبەخش نەبێت، بەڵام سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی کە خەڵک بتوانن بەشێوەیەکی باشتر و کاریگەرتر مامەڵە لەگەڵ ژیان بکەن و خۆیان بگونجێنن. (خمایسة،2022: 7).

### ٤-٢ لایەنە زیانبەخشەکانی نۆستالژیا:

أ-لەوانەیە بە پێچەوانەوە دڵخۆشییەوە ڕەنگبداتەوە، کاتێ دەبێتە هۆی بیرکردنەوە و مانەوە لە ڕابردودا.

ب-کاتێک نۆستالژیا دەبێتە چەقی بیرکردنەوەی مرۆڤ و بەرەو توندڕەوی دەبات، لەوانەیە لە لایەکەوە ببێتە هۆی ئەنجامی ناخۆش و لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە.لەلایەکی تریشەوە لەوانەیە ڕێگریمان لێبکات لە بەکارهێنانی میکانیزمی مامەڵەکردنی گونجاو و کاریگەر لە گەڵ واقیعدا.

ج-هەندێک نیشانەی نۆستالژیا لەوانەیە ئاماژە بە خەمۆکی و تاوان و خۆ ڕق لێبونەوە بکەن, لە ئەنجامیشدا لەوانەیە ببێتە هۆی دڵەڕاوکێ و تێکچونی دەرونی و گۆشەگیری و ڕەشبینی. (خمایسة،2022: 7).

## 5. ڕەنگدانەوەی نوستالژیا لەشیعرەکانی فەرەیدون بەرزنجیدا:

نۆستالژیا بە هەمو جۆرەکانییەوە لە شیعری شاعیراندا بەگشتی و لە شیعرەکانی فەرەیدون بەرزنجیدا بەتایبەتی ڕوبەرێکی فراوانی هەیە و کاریگەرییەکی زۆر قوڵ و بە هێزیشی لە خۆ گرتوە. ئەمەش بۆ نۆستالژیای ژیانی تایبەتی شاعیر لەلایەك و ئەزمون و لێهاتویی و چێژ و سەلیقە و بەرزی و توانای شاعیر لەجوان بیرکردنەوە و جوانبینی وێنەکانی ڕۆژانی ڕابردو و منداڵی لەلایەکی دیکەدا دەگەڕێتەوە. کە لەم خالانەی خوارەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە:

**-نۆستالژیای کات لە شیعرەکانی شاعیردا:**

نۆستالژیای کات لەو دیاردە سایکۆلۆژیانەیە لە سیاقی گەڕانەوە بۆ زەمەنی ڕابردو چڕ دەبێتەوە، دەروازەیەکیشە بۆ ئەوەی لەم گۆشەیەوە ئاوڕێك بۆ دواوە بدرێتەوە، ببێتە باکگراوندێك بۆ ئەزمون و خودنامەی شاعیر. جگە لەمەش بۆ خوێندنەوە و شیتەڵکاری نۆستالژیای شاعیر لە دەقێکی شیعریدا پێویستە لە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەستەکانی شاعیر کە لە چوارچێوەی وێنە شیعری و خەیاڵ و ناوەرۆکی دەقەکەدا بەرجەستەی کردون تێبگەین، تا بتوانین بەم هۆیەوە بە ناخی هەستە شاراوە و نهێنییەکانیدا شۆڕببینەوە. زۆرجاریش پێویستە ئاوێتەی ئەزمونی شیعری و ژیانی شاعیر ببین, تا چێژی زیاتر لە واتا و ڕوخساری شیعرەکان وەربگرین، فەرەیدون بەرزنجی لە و شاعیرە هەست ناسکانەیە ئەزمونێکی زۆر قوڵ وباشی لە هۆنینەوەی شیعری سۆزداریدا هەیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی نۆستالژیای شاعیر پێگەیەکی بەرز و پڕ ئیستاتیکای لە شیعرەکانیدا هەبێت. بەتایبەتیش نۆستالژیای کات کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا لە شیعرەکانیدا ڕەنگبداوەتەوە، وەك لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێت:

لەم ڕۆژەوە،
لە تیشکی چاوت بێ بەشم،
وشکە سەرچاوەی فرمێسك و هۆنراوەشم.
بەچاوی تۆ وەك جاران پێناکەنم،
بەخۆڕایی ئەڕوا ڕۆژانی تەمەنم،
بێ واتایە ئەوەی ئەیڵێم و ئەینوسم،
بۆ تۆ نەبێ ،
بۆکێ بنوسێ پێنوسم؟ (بەرزنجی،2018: 10).

لێرەدا لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەدا شاعیر بەهۆی زمانێکی ناسك و تەڕو پاراو و لە سیاقی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی فراوانەوە و جوانترین و کاریگەرترین وێنەی شیعری دارشتوە، بەمەش تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی بە هۆی نۆستالژیای کاتەوە کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی شیعرەکە گوزارشتە لە کاتەکانی سەردەمی جاران و ڕابردو، کە لە وشە و دەستەواژەکانی وەك:( لەم ڕۆژەوە، جاران ، ڕۆژانی تەمەنم) دەردەکەوێت، ئاستی هونەری و ئیساتیکای شیعرەکە بەرزبکاتەوە و زیندویەتی و نەمری بەشیعرەکانی ببەخشێت.

نۆستالژیای شاعیر زیاتر لە ئالۆدە بونی بە خۆشەویستی ئافرەتەوە سەرچاوەی گرتوە. هەربۆیەش هەمیشە هەمو ئاوڕدانەوەکانی بۆ کاتی ڕابردو و ئەو ڕۆژانەیە کە بە یادەوەری خۆشەویستەکەیەوە ڕازاوەتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین لە هەمو وشەو دەستەواژە و دێرە شیعرەکانیدا ئەم دیاردەیە بەدی دەکەین. وەك لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کەدەڵێت:

تەمەن زۆری تێپەڕیوە
هەمویم هەر لە کیس چوە،
تەنیا ئەو ساڵانە نەبێ،
کە تۆم تیا خۆش ویستوە. (بەرزنجی،2018: 120).

لەم کۆپلەیەدا شاعیر بە شێوازێکی هونەری بەرز و پڕ لە چێژ و خۆشی شیعری دەقە شیعرەکەی داڕشتوە، سەرتاپای هەست و نەستەکانیشی لەبابەتی نوستالژیای ئافرەت و چیرۆکی خۆشەویستیدا چڕکردۆتەوە. هەر بۆیە هەمو داخ و حەسرەتێکیشی بۆ گەڕانەوەو گەیشتنەوەیە بەو ساڵانەی کە خۆشەویستەکەی تێدا خۆشویستوە. جگە لەمە ساڵەکانی دیکەی تەمەنی بە بەفیرۆچو داناوە.

**-نۆستالژیای شوێن لە شیعرەکانی شاعیردا:**

شوێن دەتوانێت زۆر شت لە ناخی شاعیران و نوسەراندا سنوردار بکات و بیشیگۆڕێت. لەهەمان کاتدا دەتوانێت کاریگەری لەسەر هزرو بیر و ئاوەز دابنێت و تەوژم و ئاڕاستەکانی تێڕوانینی مرۆڤەکان بگۆڕێت. گرنگی نۆستالژیای شوێن لە شیعردا لە پلەیەکی بەرزدایەوپانتاییەکی گەورەو فراوانیشی داگیرکردوە، .

بەشێوەیەکی گشتی، هەر شوێنێك چەمك و تایبەتمەندی و پیرۆزی خۆی هەیە، بۆیە گوزارشت لە واتایەکی تایبەت دەکات و کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتیش لە لای شاعیر دروست دەکات. حەسرەتی شوێن و ماڵ و زێد و نیشتمان لە شیعری شاعیراندا جێگەیەکی گەورەی داگیرکردوە، بەتایبەتی حەسرەتی نیشتمان بۆ ڕۆحەکان گرنگ و ئازیزن، جا بۆ مرۆڤ بێت یان زیندەوەر، ئەم سیمایەش لە حەسرەتی مرۆڤ بۆ زێدی خۆیان و حەسرەتی باڵندە بۆ هێلانەکەی دیارە. بەشێوەیەك کەم شاعیر و نوسەر هەیە لە سیاقی نوستالژیای شوێنەوە گوزارشتی لە هەست و نەست و بیرو بۆچونەکانی خۆی نەکردبێت.یان نۆستالژیای شوێن نە بوبێتە سەرچاوەیەك بۆ چێژ و خۆشی بەخشین و بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستاتیکای شیعرەکانی .ئەمەش بەتەواوەتی لە شیعرەکانی فەرەیدون بەرزنجیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەك لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەڵێت:

شارەکەم هەر لا جوانە،
بە بەفر و ڕەشەباوە،
بەسەرما و بەگەرمایەوە،
خاك و خۆڵی،
دەشت و دۆڵی ،
چیاکانی ،
ڕوباری ، سەرچاوەی ،کانیی،
هەمو جوانن.
خۆشم ئەوێن،
لە زوە وە
بۆ ئیلهامی شیعرەکانم
بون بە هەوێن،
لەتەنیایی و بێ ئۆقرەیی شەوانەمدا
بون بە فریشتەی خەمرەوێن (بەرزنجی،2018: 34).

لە م کۆپلە شیعرەی سەرەوەدا، هەست و سۆز و خەسڵەت و سیماکانی ڕۆمانسیزمییانەی فەریدون بەرزنجیمان لە چوارچێوەی نوستالژیای شوین و شار و نیشتمانمان بۆ دەردەکەوێت، کە خولیای گەڕانەوە بۆ باوەشی جوانی سروشتی کوردستان تەنگ بە ژیانی هەڵدەچنێت و خەون و خەیاڵ و یادەوەرییەکانیشی لە سنوری ئەو ژیانە سادە و ساکارەی نێو زێد و نیشتمانەکەیدا بەرجەستە کردوە.

بەم شێوەیە کەس نییە جوانیی سروشت هەست و سۆزی نەبزواندبێ و لە ناخەوە نەیهەژاندبێ و تاڕادەی ئاوێتەبون بەخۆیەوە پەیوەست نەکردبێ. بەتایبەتی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان پەیوەندییەکی زۆر پتەویان لەگەڵ سروشتدا هەیە. لەگەڵ هەمو دەنگێکی ئەم سروشتە دەیان شیعر و بەرهەم و هەستی جوانی پڕ سۆز و ئاواز. لەگەڵ هەمو ڕەنگێکیدا سەدان وێنە و ڕوخساری ڕۆمانسیزمانەی ناسك و گەش.لە نەبونەوە هێناوەتە بون. فەرەیدون بەرزنجیش یەکێکە لەو شاعیرانەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری جوانیی ڕەگەزەکانی سروشتی وڵاتەکەیەوە و دەڵێت:

بەرەو سیروان ئەکشێمەوە،
ئەگەڕێمەوە بۆ کوێستان،
ئەبمەوە بە کولوی بەفر ،
هەوڵ ئەدەم نەتوێمەوە،
گەر تواشمەوە ئەبم بە هەور ،
ئەچمەوە بۆ ناخی ئاسمان،
جارێکی تر ئەبارێمە ،
سەر شاخ و دۆڵی کوردستان. (بەرزنجی،2018: 56).

فەرەیدون بەرزنجی لێرەدا وەك شاعیرێکی خاوەن ئەزمون و شارەزا و سەلیقەی جوانی بە شێوەیەکی زۆر هونەرییانە مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی سروشت دەکات و وەستایانە لەداڕشتنی شیعرەکانیدا بەکاریان دەهێنیت، تا بتوانێت بەم هۆیەوە جوانترین و کاریگەرترین گوزارشت لە هەست و نەستی لەمبارەیەوە دەربڕێت، جگە لەمەش شاعیر لێرەدا چەند دیمەنێکی جیاوازمان سەبارەت بە نۆستالژیای شوێن پیشان دەدات. بەشێوەیەك کۆی شیعرەکە لەسەرەتاوە تاکۆتایی بریتییە لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بۆ شارو زێدو نیشتمانەکەی، کە هەمو ئەوانە لە چەندین لاوە کاریگەرییان لەسەر شاعیر دروستکردوە.

**-نۆستالژیای ڕۆژانی ڕابردو لە شیعرەکانی شاعیردا:**

زۆرێك لە مرۆڤەکان نۆستالژیای ڕابردو وەك حەسرەتێک بۆ لە دەستچونی جوانی دەبینن. لە هەمان کاتدا بەبایەخەوە سەیری هەمو ئەو وێنەو یادەوەریانە دەکەن کە لە ڕابردودا هەبون و ماونەتەوە, چونکە وەبیرهێنەری کۆمەڵێ ڕوداوی خۆش و دیمەنی جوانی لە دەستچون. کە لە زۆر شوێندا یادەوەریەکان بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە

مرۆڤەکان دەوروژێنن. سەرەڕای ئەمانەش زۆر وێنەو ڕوداوی جوانی لەدەستچو هەیە هەست و سۆزمان دەبزوێنێت، وەک سەیرکردنی تێپەڕبوونی ڕۆژگاری لاوێتی، دەکرێ هۆکاری ئەم حەسرەت و پەژارە روونتر ببینرێ، بەڵام جیا لە ئاخ و داخ بۆ جوانی لە دەستچوو، تەنانەت ئەو کەسانەی بە تێپەڕبونی کات لە ڕوی ڕواڵەت و تەمەنەوە بەرەو سەر چون بیر لە ڕابردوی خۆی دەکاتەوە و بەراوردی ئێستا و ڕابردوی خۆی دەکات و ئاخ و حەسرەت بۆ ڕۆژانی منداڵی و گەنجی و سەردەمی ڕابردو هەڵدەکێشێت.

نۆستالژیا ئەگەرچی لە ناخی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک هەستی سۆزدارانەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنی مرۆڤبون و ڕەوشتی و عەقڵانیش بونی هەیە، "فەرەیدو ن بەرزنجی هاوشێوەی هەلاج گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کەنەتوانێت ناپاکی لە زەمەنی ڕابردوی پەیوەندییە سۆزداری و خۆشەویستییەکەی خۆی بکات، بەو پێییەی عەشقەکەی لە جۆری یەزدانییە و ڕێگەی پێ نادات لە بازنەی خۆشەویستەکەی دەرچێت، لە هەمان کاتیشدا جۆری عەشقەکەی و بەردەوامبونی کردارێکی یارمەتیدەرە بۆ ڕەوینەوەی بارە سایکۆلۆژییەکانی وەك ئەوەی خۆشەویستی بۆ شاعیر ڕۆڵی ئۆکسجین ببینێت"(کەریم،2021: 142). هەمو ئەمانەش بۆ تەوژمی نۆستالژیای ڕۆژانی منداڵی و ڕابردو و لافاوی هەڵچو نەکانی شاعیر دەگەڕێتەوە، ئەمەش زۆر بەزەقی لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت،وەك لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێ:

کە هی من بوی،
هەمو شتێ لەلام جوان بو،
گەورەترین خەم و گرێ،
کردنەوەی هێجگار ئاسان بو،
بەڵام ئێستا کە لێم ونی،
واهەست ئەکەم ،
دەنگی باڵدار ئیتر نایە،
شەماڵ فێنکی ناهێنێ،
خەندەی سەر لێوم ئەتۆرێ. (بەرزنجی،2018: 31).

لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، وێڕای هەبونی تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە بەها و پێگەی خۆشەویستی ئافرەت لە نێو کۆمەڵگەدا، بە پێی جیاوازی نەتەوە، ئاین، کلتور و ئاستی هۆشیاری مرۆڤەکان، بەڵام ئافرەت هەمیشە سیمبولی جوانی و هەست و سۆز و خۆشەویستی و ئارامی و میهرەبانی بوە، ڕەنگە هەر ئەمەش گەورەترین هاندەر و پاڵنەر بێت بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئایدیای جوانی و پیرۆزی ئافرەت لە هزرو گوتاری شیعری فەرەیدون بەرزنجیدا بڵاو بێتەوە. وێڕای ئەمەش شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جگە لە جوانیی ئافرەت چێژ لە هیچ ڕەگەزێکی دیکەی سروشت نابینێت و پێی وایە ژیان دور لە جوانی یاری نەدەنگ و سەدای باڵندەی خۆشخوانی لێ دێ، نە سروەی بای شەماڵیش فێنکی دەکاتەوە، بۆیە لەتێڕوانینی شاعیردا هەمو شتەکان جوانی لە ئافرەتەوە وەردەگرن، هەریەك لەمانە بەبێ جوانی ئافرەت جگە لە تەنێکی سوتماك و بێ بەها شتێکی دیکە نین.

لە لایەکی دیکەوە شاعیر وەك عاشقێکی بەوفا هاوشانی زیندویەتی و بەردەوامی جوانیی دولبەرەکەی ڕۆیشتوە و نەیویستوە بۆ ساتێکیش لە میحرابی جوانی ئەودا دور بکەوێتەوە، بەڵکو بەهرە و خوریە و سروشی لە جوانی ئافرەتەوە وەرگرتوە و لە بەرامبەریشدا لە بەرهەمەکانیدا نەمری و زیندویەتی بە بابەتی ئافرەت و جوانیی ئافرەت بەخشیوە. بەم هۆیەشەوە داهێنان و گۆڕانکاری لە شیعرەکانیدا کردوە، ئەمەش نموونەیەکە لەم کۆپلە شیعرانەی فەرەیدون بەرزنجیدا لەم بارەیەوە، کەدەڵێت:

کەی دێتەوە؟
وا ساڵێکی گەورەو گران ،
بەسەر دوریتا تێپەڕی،
پایز هات و گەڵا وەری،
ئەی کچی وڵاتی بەفر ،
من ئامادەم بۆ کچێکی وەك تۆ پەری،
هەوار هەوار ،
شوێن پێی کاروانت هەڵگرم،
بم بە کوڕە کۆچەری (بەرزنجی،2018: 186).

لێرەدا ئافرەتبینی و حەز و خولیایی شاعیر بۆ ئەوینەکەی لە زۆر کاتدا لە دۆخی ئاسایی دەچێتە دەرەوە و بەرەو جیهانی فەنتازی و ئەفسانەیی شۆڕ دەبێتەوە. شاعیر بەهۆی وشە و دەستەواژە ناسکەکانی وەك (دوری ،پایز ،گەڵا وەرین ،کچی وڵاتی بەفر، پەری، هەوار هەوار، شوێن پێی کاروان) لە سیاقی نوستالژیای ڕابردودا چەندەها وێنەی شیعری جوان و دلگیری کێشاوە. هەروەها ئەم تەرزە وەسفەی شاعیر بۆ جوانی ئافرەت و خۆشەویستەکەی ئەوەمان پێدەڵێت: کە جاویدانی عەشقی مرۆڤ و بە سەوزی مانەوەی جوانی و خۆشەویستی، تەنها لە جوانی و خۆشەویستیی ئافرەتدا بەرجەستە دەبێت و دێتەکایەوە.

**-یادەوری و ڕەشبینی و گەشبینی لە شیعرەکانی شاعیردا:**

یادەوەری و ڕەشبینی و گەشبینی لە دیارترین ئەو چەمکانەن کە بایەخ و سەنگییەکی زۆری لە نۆستالژیای شاعیراندا هەیە و بەشێوەیەکی فراوانیش لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخ بەگشتی و لە شیعرەکانی فەرەیدوون بەرزنجیشدا بەتایبەتی ڕەنگیداوەتەوە،لەگەڵ ئەوەی هۆکارەکانی ڕەشبینی فرە بابەت و فرە ڕەهەندە، بەڵام بێ ئومێدی شاعیر بۆ گەیشتنی بە دولبەرەکەی لە بەهێزترین و کاریگەرترین ئەو ڕەشبینیانەیە کە باڵی بە سەر کۆی شیعرەکانیدا کێشاوە، ئەمەش زۆر بەڕون و ئاشکرا لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێت:

ڕۆژێ ئەمرم،
بەرگەی دوری تۆ ناگرم،
ڕۆژێ ئەمرم،
هەورێ داناکاتە باران ،
درەختێ ناداتە گریان،
چونکە من ڕۆژێ لە ڕۆژان،
تۆی ئازیزم لە خۆم تۆران (بەرزنجی،2018: 45).

جێگای ئاماژە پێکردنە لەم پارچە شیعرەدا، چەندین وێنەی شیعری جوان و سەرنجڕاکێش دەبینین، کە زیاتر دەکەونە بەرهەستەکانی بینین و بیستن و چەشتنەوە لە سیاقی نۆستالژیای ڕەشبینی لە ڕابردودا، وەك وشەو دەستەواژە و دێڕەکانی (ڕۆژێ ئەمرم، بەرگەی دوری، هەورێ داناکاتە باران، درەختێ ناداتە گریان، تۆی ئازیز، تۆران )کە بەهۆی ناسکی و کاریگەری ئەم وشانەوە نۆستالژیا و وێنەی شیعری پڕ لە چێژ و ئێستاتیکای هێناوەتە کایەوە، بەم کارەش شاعیر توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر جوانکاری و زیندویەتی و نەمری بە شیعرەکانی ببەخشێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp246-252

شاعیر لە وێستگەیەکی دیکەی ژیانی خۆی دا، بەپێچەوانەی دیمەنە ڕەش و تاڵەکانی ڕۆژانی ڕابردو بەهیوا و ئومێدێکی زۆرەوە دەڕوانێتە ژیان و بیرەوەری و یادکردنەوەی ئەو ڕۆژانەی لەگەڵ دولبەرەکەیدا بو، بە فریاد ڕەسی خۆی دەزانێت لە باوەشی خەم و ئێش و ئازارەکانی ڕابردودا، وەك لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت و دەڵێت:

کە پاپۆڕی یادەکانم،
لەباوەشی ،
بەندەرێکی یادێکی تۆ،
لەنگەر ئەگرێ
فرمێسك لە چاوما ئەمرێ (بەرزنجی،2018: 244).

لێرەدا نۆستالژیای شاعیر تاڕادەیەك سیمایەکی گەشبینی هەڵگرتوە و لە چوارچێوەی یادەوەری ڕابردو دا چرپۆتەوە، بۆیە شاعیر سەرسامی خۆی بەرامبەر جوانی و خۆشەویستی دلبەرەکەی پێشان دەدات و عەشقی ئەو بەسەرچاوەی هەمو خۆشی و شادییەکان دەزانێت، هەمو ئارامییەکی دەرونیش بە گشتی لە باوەشی یادەوەری یارەکەیدا دەبینێتەوە، بۆیە کاتێك یادی دولبەرەکەی دەکاتەوە، فرمێسك لە چاوەکانیدا دەمرێ ، جوانی بایس ئاسا هۆکارەکەی بۆ یارەکەی دەگەڕێنێتەوە، کە یادی ئەوی کردۆتەوە بیانو بۆ هێنانەکایەوەی بەختەوەرییەکانی، لەهەمان کاتدا شاعیر وێڕای خستنەڕوی خەیاڵ و ئەندێشە فراوانەکانی لە وێنەیەکی شیعری بەرزدا، لە گۆشەیەکی دیکەی شیعرەکانییەوە و بە هۆی هەستەکانی بینین و بیستنەوە کە لە دێرە شیعرەکانی(پاپۆڕی یادەکانم، بەندەرێکی یادی تۆ ) دا خۆی دەنوێنێ، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا، وێنەیەکی شیعری نۆستالژیای بەرزو بەهێز و کاریگەری بەرجەستەکردوە.

## 6. ئەنجام :

1- نۆستالژیا دیاردەیەکی سۆزدارییە لە هەستە جۆراوجۆرەکانی مرۆ ڤەوە سەرچاوەی گرتوە. حەسرەت و نۆستالژیا بۆ ڕابردو و وردەکارییەکانی دیکەی وەك، نامۆبونی دەرونی، هەستکردن بە خەمۆکی و دڵەڕاوکێ، جگە لە یادەوەری لەگەڵ کات و شوێن. ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی لەسەر سایکۆلۆژییەتی مرۆڤ و بوارە جۆراو جۆرەکانی شیعر و ئەدەبیاتدا دروستکردوە.

2-نۆستالژیای کات وابەستەیە بەکات و لە سیاقی گەڕانەوە بۆ زەمەنی ڕابردو چڕ دەبێتەوە، دەروازەیەکیشە بۆ ئەوەی لەم گۆشەیەوە ئاوڕێك بۆ دواوە بدرێتەوە، فەرەیدون بەرزنجی لە و شاعیرە هەست ناسکانەیە ئەزمونێکی زۆر قوڵ و باشی لە هۆنینەوەی شیعری سۆزداریدا هەیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی نۆستالژیای شاعیر پێگەیەکی بەرز و پڕ ئیستاتیکای لە شیعرەکانیدا هەبێت. بەتایبەتیش نۆستالژیای کات لە ئاستێکی زۆر بەرزدا لە شیعرەکانیدا بەدی بکرێت.

3- بایەخ و پێگەی نۆستالژیا و حەسرەتی شوێن لە شیعری شاعیراندا بەگشتی و لە دەقە شیعرییەکانی فەرەیدون بەرزنجیدا بەتایبەتی لە ئاستێکی بەرزدایە، لە سەروی هەموویانەوە حەسرەتی شوێن و ماڵ و زێد و نیشتمان پانتایەکی بەرینی داگیرکردوە. بەشێوەیەك کەم شاعیر و نوسەر هەیە لەم گۆشەنیگایەوە گوزارشتی لە هەست و نەست و بیرو بۆچونەکانی خۆی نەکردبێت. یان نۆستالژیای شوێن نە بوبێتە سەرچاوەیەك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئیستاتیکای شیعرەکانی .

4-شاعیر بەگرنگییەوە دەڕوانێتە هەمو ئەو وێنەو یادەوەریانەی کە لە ڕابردودا هەبون و ماونەتەوە, چونکە وەبیرهێنەری کۆمەڵێ ڕوداوی خۆش و دیمەنی جوانی لە دەستچون , لەهەمان کاتدا لە ناخی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک هەستی سۆزدارانەیە، کەهەمو ئەمانەش بۆ تەوژمی نۆستالژیای ڕۆژانی منداڵی و ڕابردو و لافاوی هەڵچونەکانی شاعیر دەگەڕێتەوە.

5- ڕەشبینی و گەشبینی لە دیارترین ئەو چەمکانەن کە ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵ و فراوانی لە نۆستالژیای شاعیراندا هەیە و بەشێوەیەکی فراوانیش لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخ بەگشتی و لە شیعرەکانی فەرەیدون بەرزنجیشدا بەتایبەتی ڕەنگیداوەتەوە.

6-لەکۆی (105) شیعری شاعیردا تەنها (6) شیعریان دەربارەی بابەتەکانی وەك(ڕامیاری و چینایەتی وئازادی)یە، ئەگینا شیعرەکانی دیکەی کە (99) شیعرە هەرهەموی لەبازنەی نۆوستالژیای کات و شوێن و یادەوەریەکانی ڕابردو دەخولێتەوە، کەسیمای حەسرەت و خۆشەویستی ئافرەتی لە خۆگرتوە.

## سەرچاوەکان:


بەرزنجی ،فەرەیدون عەبدول (2018)،دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی،کتێبخانەی یادگار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلیمانی.

ساڵح ، ئاوارە کەمال(2023)،نوستالژیا و مێژو لە ڕۆماندا، چ1، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

حاجی،ئیدریس ئیسماعیل(2022)،نوستالژیا لە ئەزمونی شیعری شەوڕۆدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی کوردی.

کەریم، زاهیر لەتیف(2021)،بونیادە سۆفیگەرییەکان لەدەقی شیعریدا، گۆڤاری کۆتێکست،ساڵی چوارەم، مانگی شوبات ، ژ.11-12، سلیمانی.

محەمەد،عزەدین سابر (2021)، نوستالۆیا لە شیعرەکانی شێخ نوری شێخ ساڵح دا، گۆڤاری زانکۆی قەڵەم، کەرکوك،ساڵی 2021، ژ. 10

الخليلي، مها(2007)،الغربة والحنين في الشعر الأندلسي، جامعة النجاح الوطنية، نابلس.

-خمايسة، مرام (2022)، تعريف النوستالجيا،ط1، مطبعة النور، الجزائر

الزين، محمد موسى البلولة،2010،الاغتراب والحنين في الشعر المهجري، اطروحة دكتورا ،كلية الاداب، قسم اللغة العربية، جامعة الخرطوم.

الصعيدى، ميادة انور(2022)النوستالجيا في الرواية العربية المعاصرة، مجلة دراسات معاصرة، بالمركز الجامعي تيسمسيلت – الجزائر

مير أحمدي، سيد رضا والآخرون(2012), أشكال الحنين إلى الماضي في شعر بدر شاكر السياب, مجلة د ا رسات في اللغة العربية ، وآدابها، العدد الحادي عشر.

حسينى، ليلا (1393) افكار نوستالژيک در شعر احمد شاملو،" بهارستان سخن ،تهران

Fatemeh Pourjafari, The Bewitching Maze of the Past: The Study of Nostalgia in Goli Taraghi's Short Fiction, Theory and Practice in Language Studies, Finland, Vol. 4, No. 2, February 2014

Marco Cavallaro, Recollecting Nostalgia. Husserl and Borges on the Phenomenology

University of Copenhagen, Copenhagen, April 18-20, 2013

Longman, Addison Wesley (1998). Dictionary of Enlish and Culture.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp246-252